تازەپێگەیشتووانی پێشمەرگەی هەولێر و شوێنێک بۆ پێگەیاندنی یاریزان





بارزان ئەکرەم

ئەگەر رۆژانە بەلای یاریگاکەی پێشمەرگەی هەولێردا تێپەڕی، کۆمەڵێک لاوی تازە و خوێنگەرم دەبینی مەشقی خۆیان ئەنجام دەدەن ،کە هەریەکیان بە وردی سەیری یەکەی هیوایەک و داهاتوویەکی گەشی لێدەبینی ،ئەم تیپە لەماوەی رابردووش چەندین یاریزانی بۆ ریزەکانی لاوان و خەتی یەکەمی تیپەکە پێگەیاندووە، وەک رۆژنامەی خەبات پێمانباشبوو لە نزیکەوە گفتوگۆیەک لەگەڵ راهێنەر و یاریزانەکانی ئەم تیپە خنجیلانەیە بکەین.

رۆڵی راهێنەر و کەسایەتی ئەو چۆنیەتی هەڵبژاردنی؟

سەلام عوسمان تاهر، راهێنەری تازەپێگەشتوانی هەولێرە ،ئەو هەموو تەمەنی خۆی لە یاریگاکان بەسەر بردووە، خۆشەویستیەکی زۆری بۆ تۆپی پێ هەیە، دەگمەنن ئەوانەی ئەو کەسایەتیە نانасن، دیارترین ئەو یاریزانانەی پێگەیاندوون سایر سلێوە و تەها قادرن، کە دوو یاریزانی دیاری شاری هەولێر بوون، سەلام بەم شێوەیە لەسەر سەرەتای وەرزشی خۆی و کار کردنی تا ئێستا گوتی: لەسەرەتای هەشتاکانەوە لە تیپی نەورۆز لەگەرەکی سێتاقان دەستم بە یاریی کردن کرد، دواتر تیپی بێستوفان دامەزراند ، ئینجا لە پێش راپەرینە مەزنەکەی 1991،تیپی لاوانی هێمن مان دامەزراند و تا ئێستاش بەردەوامم، ئەو زیاتر گوتی: دەستەی کارگێڕی پێشمەگەی هەولێر لە نێو کۆمەلێک راهێنەر منیان هەلبژارد، تاوەکو سەرپەرتشی تیپ تازەپێگەشتووانی پێشمەرگەی هەولێر بکەم، سوپاس بۆ خوا نزیکەی پێنج ساڵە لەگەڵیان کار دەکەم، چەندین یاریزانیشم بۆ ریزەکانی لاوان و خەتی یەکەمی تیپەکە پێگەیاندووە، لەوانە دیدار و نەزیر و مەهدی و بژار، نیهاد، ئەوانە ئێستا لە خەتی یەکەمی یانەکەن، کە لە بنەڕەتدا من لە کۆڵانەکان کۆمکردنەوە و پێم گەیاندن.

لە خولی تازە پێگەشتوانی کوردستان کوردستان ئەنجامی باشیان هەیە

ئەم وەرزە تیپەکەیان خاوەنی 12 خاڵە، کەچی یاریبەکیشیان کەمتر ئەنجام داوە، لە کۆمەڵەی یەکەمی خولی تازەپێگەیشتووانی نایابی کوردستان، ئەو ئەنجامانە ئەوە دەردەخات، کە ماندووبوون و هەوڵی یاریزانەکان تا ئێستا بە فیڕۆ نەڕۆشتووە، ڕەنگە لە کۆتایی خولەکەشدا بینە پاڵەوان.

گرفتەکانی ئەو تیپە چین بەلای راهێنەرەوە؟

سەلامی راهێنەر ،سەبارەت بە دیارترین کێشەکانی تیپەکەی گوتی: سەرەڕای بوونی قەیرانی دارای و کێشەی کەمی پارە، بەڵام دەستەی کارگێڕی یانە سەرجەم پێداویستیەکانی بۆ دابینکردووین، لێرەو ە سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەم دەکەم بە پێی توانای خۆیان هاوکاریمان دەکەن و داواکاریەکانمان جێبەجێ دەکەن، بە شێوەی مادەی و مەعنەوی هاوکاریمان دەکەن، بەڵام ئەوەی، کە زۆر کێشەیە و گرفتە بۆ ئێمە تیپە میللییەکانن ،کە بەردەوام یاریزانەکان دەبەن بۆ یاریبەکانیان، یاریزانەکانیش بچوکن لەو ئاستەی هۆشیاریە دانین تا بتوانن یاریی کردن لە هەندی کات و سات و شوێندا ڕەتبکەنەوە، دواتر تووشی پێکان و هیلاکی زۆردەبنەوە ،کە بە خراپ بۆ سەر تیپەکەمان دەشکێتەوە ،هیوادارم ئەم دیاردەیە نەمێنێ بە تایبەت لە لەو کاتانەی لە ناوەڕاستی خولەکاندایە.

ئەو یاریزانانەی چاوەڕێی ئایندەیەکی گەشیان لێدەکرێت

راهێنەر ،ئەم وەرزە چەند یاریزانیمان هەن زۆر دڵم پێیانخۆشە، چونکە دەزانم لە ئەگەری بەردەوام بوونیان ،پەیوەست بوون بە تیپەکەوە وەک ئەوەی ئێستا دەیکەن ،بۆ نمونە ئامادەبوون لە مەشقەکان و ڕەوشتی بەرزی ناو یاریگا و بەرێزیان بەرامبەر ستافی راهێنەران و سەرپەرشتیاری تیپ، ئەوانە هەمووی ئەو بنەمایانەن ،کە وا پێمان دەڵێ ئەو یاریزانانە لە داهاتوودا ئەستێرەی تۆپی پێی کوردستانن ،لەوانە کیوان عەبدولسەمەد ،دلزار زاهیر ،ڕێبوار ئەبوبەکر ،پاڤێل جەلال ،مەحمەد شێروان، عەبدولای گۆڵچی ،بەڵام بە گشتی یاریزانەکانمان زۆر باشن ،هیوادارم سەرکەوتووبن لە داهاتوودا.

کۆڕێ تێکچوونی یاریگا گەنجانی نیگەرانکردووە







لە شارۆچکەی کۆڕێ تاکە یاریگایەکی بچووککراوە هەیە کە گەنجان کۆدەکاتەوە و چالاکییە وەرزشییەکانی تێدا ئەنجامدەدەن،لە ئێستادا بەهۆی تێکچوونی چیمەنەکە خەریکە کەڵکی یاریکردنی تێدا نامێنێت و وەرزشدۆستان بێ هیوادەبن، وەک لە وێنەکاندا دیارە زۆربەی چیمەنەکە تێکچووە چاڵ تێدا کەوتووە و پارچەکانی هەستاون، بۆیە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەبات لاوان و وەرزشوانانی ئەو شارۆچکەیە داوا لە لایەنی پەیوەندار و یان هەر ڕێکخراو و کەسێک دەکەن کە بەهانایانەوە بێن، ئەو تاکە شوێنەی کە لاوان کۆدەکاتەوە بۆیان چاک بکرێتەوە و بێبەش نەبەن لە یاریکردن.

تا/ شێروان مەلازادە

لۆف بەفەرمی بۆندی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای تا ساڵی 2022 تازەکردەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا رایگەیاند کە بۆندی ڕاهێنەری تیپەکەیان یواکیم لۆفی تا ساڵی 2022تازەکردەوە، کە لەدوای ساڵی 2006ەوە سەرپەرشتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەکات بەگوێرەی ڕێککەوتنە تازەکە لۆف و یارمەتیدەرەکەی شنایدەر و ڕاهێنەری گۆڵپارێز ئەندریاس کۆپکە و دەستەی ئێستای هونەری تا 4ساڵی دیکە بەردەام دەبن. بەگوێرەی تۆڕی سکای سپۆرتس بۆندی پێشووی لۆف تا ساڵی 2020بوو، بەڵام یەکێتی ئەڵمانیا بۆندەکەی بۆ تازەکردەوە، بەر لەوەی لیستی هەڵبژاردەکەی بۆ بەشداری مۆندیالی 2018ئاشکرا بکات.



سیستمی تازەی مۆندیالی یانەکان ریال مەدرید و بەرشلۆنە کۆدەکاتەوە



هەردوو گەورە یانەی لالیگا بەرشلۆنەو ریال مەدرید لەسەرووی یانەکانی کیشوەری ئەورووپا دەبن بەگوێرەی سیستەمە تازەکەی مۆندیالی یانەکان، بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ بڕیارە یەکەمین ژمارەی مۆندیالی یانەکان بەسیستەمی نوێ لەساڵی 2021بەبەشداری 24یانە دەست پێ بکات و هەساڵێکیش لەناوەڕاستی مانگی حوزەیران بەڕێوەبچێت. ڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یانەکانی بەشداربووی ئەورووپا لەم خولە بریتین لە (بایرن میونخ، ئەیاکس، میلان، لیڤەرپوول، مان یونایتد، ئینتەرمیلان، یۆڤنتۆس، پاریس سان جێرمان، هەروەها دواین دوو یانەش لە نێوان یانەکانی (مان سیتی و چێلسی و ئەتلەتیکۆ مەدرید و بۆرتۆ و بەنفیکاو دۆرتمۆند) دەبێت، لەگەڵ 12یانەی ئەورووپا، ئەمریکای باشووریش لەکیشوەرەکانی دیکە زۆرترین نوێنەری دەبێت، کە 4یان 5یانەی بەشداری دەکەن، کیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای باکوور بە 2یانە، ئۆقیانووسیاش بەیەک یانە، ئەگەر بێت و لەیاری پاشکۆ بەرامبەر تیپی پێنجەمی ئەمریکای باشوور سەرکەوتن تۆمار بکات. لەگەڵ یانەی میواندار کە کۆی بەشداربووان دەکاتە 24یانە. ولاتی میواندارێش ئەو ولاتە دەبێت کە لەساڵی دواتر میواندارێ مۆندیال دەکات. هەروەکو جامی کیشوەرەکان.

جۆ هارت بانگهێشتی مۆندیال نەکرا

بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا گاریس ساوسگێت بڕیاریدا گۆڵپارێزی هەڵبژاردەکەی جۆ هارت لە لیستی هەڵبژاردەکەی بۆ کۆتاییەکانی مۆندیالی داهاتووی ڕووسیا دوور بخاتەوە، ڕۆژنامەی (میرۆر)ی ئینگلیزی بڵاویکردەوە کە ساوسگێت بڕیاری دوورخستنەوەی گۆڵپارێز گۆ هارتی بەفەرمی دا، لە لیستی هەڵبژاردەکەی بۆ مۆندیالی داهاتوو کە ولاتی ڕووسیا میواندارێ دەکات. ساوسگێت دەڵێت: گۆ هارت بەشداری لیستی 23 یاریزانی مۆندیال ناکات، کە بەشداری مۆندیالی داهاتوو دەکەن، چاوەڕێ دەکرێت ساوسگێت پشت بە گۆڵپارێزی یانەی بێرنلی نیک پۆپ لەگەڵ هەردوو گۆڵپارێزی بیکۆرد لەیانەی ئیڤرتۆن و بۆتلاند لەیانەی ستۆک سیتی ببەستێت. کە مەزندە دەکرێت بۆتلاند بەسەرکی یاری بکات.